# 20 ئامۆژگاری

# به

# خەڵات

# بۆ طالبی ڕێگای نەجات

ئامادەکردن و وەرگێڕانی

**ابو مسلم ئاریانی**

چاپی دووەم

1431کۆچی

ناوی پەرتووك:

**20 ئامۆژگاری بە خەڵات**

**بۆ طالبی ڕێگای نەجات**

ناوی ئامادەکار:

**ابو مسلم ئاریانی**

**مافی چاپکردن و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە .**

**چاپی دووەم**

**1431کۆچی**

**ژمارەی سپاردن**

(407)

ئەم نوسراوە: لە زنجیرە پەیامەکانی **( تربية الاجيال _ اخلاق النبي ﷺ وسننه .... وبعض الآداب الاسلامية )** , **بڵاوکراوەی (مكتبة الغرباء ) بەدەست کاریەوە وەرگێڕاوە ..... لەگەڵ تێك** هەڵکێشانی چەند ئایەت و فەرمودەو ئاسەوارێك لەلایەن ئامادەکارەوە .

بنکەی بلاو کردنەوە:

**کتێبخانەی هیوا**

**(بنەسڵاوە)**

(07507590011)

**کتێبخانەی پێشین**

**(هەولێر)**

(07504794242)

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی:

إِنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِالله مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَات أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِه اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ... وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴾
[سورة آل عمران: 102] .

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾
[سورة النساء: 1] .

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَـٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾
[سورة الأحزاب:70 ــ 71] .

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْث كِتَابُ الله وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَة بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَة ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَة فِي النَّارِ .

أما بعـــد : خـوداى پـەروەردگار لەكتێبـه پیرۆزەكەیـدا ( قورئـان ) دەفـــەرمووێت: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ﴾ الحشر: ٧ .

واتــە: هــەر فــەرمانێك لەلایــەن پێغەمبــەرەوە (صل الله علیه وسلم) بەسەرتانەوە بدرێت شـوێنی بكـەون و وەری بگـرن, وەلـە هەرچـی شـتێكدا قەدەغـەی لێكـردن ئێـوەش خۆتـانی لێ بـەدوور بگـرن.

هەروەها پێغەمبەری راستگۆو سەروەریشمان ﷺ دەفـەرمووێت: (( **كُلُّ أُمَّتِي يَدخُلُونَ الجَنَّةَ إلاَّ مَنْ أَبَى. قِيلَ : وَمَنْ يَـــأبَى يَـــا رَسُول الله ؟ قَالَ : (( مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الجَنَّةَ ، وَمَنْ عَـــصَانِي فَقَدْ أبَى** ))(1) .

واتــە: گـشت ئومـەتم دەچـن بۆبەهەشـت مەگـەر ئەوانـە نـەبێ نایانـەوێ ووتیـان: جـا ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ كـەس هەیـە نەیەوێت بچێت بۆ بەهەشت ؟ لەوەڵامدا فەرمووی : ئـەوەی گـوێ ڕایەڵی فەرمانەكانم بكات ئەوا دەچـێت بۆبەهەشـت وە ئەوەیـشی

---

(1) صحیح: رواه البخاري (6851) .

لاملی بکات لە فەرمانەکانم و یاخی بێ ئەوا ئەو کەسەیە کەنایەوێت ( واتە : ناچێت بۆ بەهەشت )! هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا هاتوە دەفەرمووێ : ( **مَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي**)[1] .

واتە: ئەو کەسەی لەسونەتی من ( واتە : لەرێ و شوێن و فەرمانەکانم ) لابدات ئەوا لە ئێمە نیە!

---

(1) صحيح: رواه البخاري (4776) , ومسلم (1401) و غيرهما.

## خوێنەرانی ئازیز :

ئەمەو چەندین دەقی تر لـەدووتویٚ ی قورئـانی پـیرۆزو سـوننەتی پاك و بیٚ خەوش دەربارەی گرنگی دەست گرتن بەو دوو سەرچاوە پیرۆزەوە هاتوون و باس لەپێویستی دورکەوتنەوە لەزیادەکاریەکان لە ئایین دەکەن ! هـەروەها موسـڵمانان هەڵئـەنێن بـۆ کـارکردن و خۆرازاندنـــەوەیان بەکۆمـــەڵێك خورەوشـــتی لـــەبارو جـــوان و بەهرەمەند بوون لێیانەوە . بۆیـە ئێمـەش وەك پـەیڕەوی کردنێـك لـەم فەرمایـشتە پیرۆزانـە چـەند لایـەنێکی خورەشـتی بـەرزو قەشـەنگی پیٚغەمبـەری سـەروەر و ئـازیز ﷺ لـەم ( 20 ) ئامۆژگاریە ئەخەینە روو , بەهیوای ئەوەی ببیٚ بەمایەی سـوودو پەیرەوی لێکردنیان لە ژیانی رۆژانە.

1. دوور کەوە لە( فحش ) واتە: هەموو شتێکی بەدو بێزراو لە کردارو گوفتارەکان هەروەها دوورکەوە لەکەسانی فاحش و بەدکردار و گوفتار چونکە ئەوان خراپترین جێگایان هەیە لەلای خوا لە رۆژی دوایی , پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ : ( **إِنَّ شَرَّ النَّاسِ مَنْزِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنْ تَرَكَهُ النَّاسُ اتِّقَاءَ شَرِّهِ**) [1].

واتە: خراپترینی خەڵکانێك لای خوا ڕۆژی دوایی ئەوانەن کە خەڵکی خۆیان لە شەرانگێزیی و بەد رەوشتیان دەپارێزن .

2. دەنگت هەڵمەبرە لەقسەکردندا بەتایبەتیش لەشوێنەگشیی یەکان , هەروەها وازبێنە لەزۆر پێکەنین و لەقاقادان چونکە زۆر بێکەنین دڵ دەمرێنێت! هەروەك لە فەرموودەی صەحیح دا هاتووە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دەفەرمووێت:

( **لَا تُكْثِرِ الضَّحِكَ فَإِنَّ كَثْرَةَ الضَّحِكِ تُمِيتُ الْقَلْبَ** )[2].

---

(1) صحيح: رواه البخاري (5685) .

(2) صحيح: رواه ابن ماجه (4193) عن ابي هريرة رضي الله عنه , وهو في ((سلسلة الصحيحة)) (رقم \506 )

واتە : زۆر پێمەکەنن , چونکە زۆر پێکەنین دڵ ئـەمرێنێت ( واتـە : دڵ ڕەق دەکات لەوێنەی بەرد , ئامۆژگـاری کـاری تێناکـات )! بـەڵکو هەوڵبـدە ئەوپـەڕی پێکـەنینت زەردە خەنـەبێت! دایکـی ئیمانداران عائیـشە ( ڕەزای خوای لێ بێت ) دەفـەرمووێت: **( مَا رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مُسْتَجْمِعًا قَطُّ ضَاحِكًا حَتَّى أَرَى مِنْهُ لَهَوَاتِهِ إِنَّمَا كَانَ يَتَبَسَّمُ)**(1) .

واتە: نەمبینیوە پێغەمبەری خوا ﷺ بەتەواوی پێبکـەنێت و لـە قاقابـدات و زمانـە بـچکۆڵەی بـەدیار بکـەوێ , بـەڵکو هـەردەم بەزەردە خەنەبووە !

3. دوا مەکـەوە لـە جـێ بـەجێ کردنـی کـارو پێداویـستی پـەك کەوتـەو هـەژاران ـ هاوکـاری خـاوو خێزانـت بکـە لـەکارو بـاری ماڵەکەت و ڕەفتاری جوان و چاکیان دەرحەق بنوێنـە پێغەمبـەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: **(خَيْرُكُمْ خَيْرُكُمْ لأَهْلِهِ)** (2) .

واتە: چاکترینتان چاکترینتانە بۆ خێزانەکەی .

---

(1)صحيح: رواه البخاري (5741), ومسلم ( 889) .

(2) صحيح: قطعة من حديث اخرجه الترمذي (2\323) ,والدارمي (2\159) , و إبن حبان (1312), وصححه إمامنا الألباني (رَحِمَهُ الله) في (السلسلة الصحيحة) (285).

4. جـوانترین پۆشـاکەکانت بپۆشــە لـە کـاتی نوێـژو چـون بـۆ مزگەوت ( **إبـن عبـد البر** ) ڕەحمـەتی خـوای لێ بـێ لـە کتێبـی {**(التمهيـد)** (6\369)} دەڵێــت : ( بــەلای زانایانــەوە خــۆ رازاندنەوەو بۆن خۆشکردن و سیواك کردن لـەکاتی نوێـژ کـارێکی خۆش ویستراوە ) هەروەها زانایان لەراڤـەی ئـەم ئایەتـە پـیرۆزەدا

﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ ﴾ الأعراف: ٣١

واتـە: عــەورەتی خۆتـان داپـۆشـن بـەجوانترین پۆشـاك لـەکاتی نوێژەکان و چون بۆ مزگەوت [1].

هەروەها هاوەڵی بـەرێز ( **عبـدالله بـن عمـر** ) ( ڕەزای خوای لێ بێت ) کـاتێ ( نافع ) ئەبینێ تەنها بەیەك جل نوێـژ ئـەکات پێـی دەڵێـت: تـۆ بەئاوایی دەچیت بـۆ بـازار ؟ ووتـی نـەخێر ! ئـەویش پێـی ووت : (**فاللهُ أَحَقُّ أَنْ يُتَجَمَّلَ لَهُ** )[2] .

واتە : خوا شیاوترە تا خۆتی بۆ جوان و ڕازاوە بکەیت .

---

(1) سەیری ( الدين الخالص) صـديق حسن خـان (102/2) و( التمهيـد ) (379/6) بکە.

(2) أخرجه الطحاوي في(شرح معاني الأثـار) (1/377-378), وانظـر (تفسير الطبري) (239/15) , و(المغني ) (621/1).

5. فیز لیٚ مەدە لە خواردنا بەسەر زەوی هەر خواردنیٚکت چنگ کـەوت بیخـۆ بـەو بەشـەی خـوا پیٚـی داوی ڕازی بـە پـەیڕەوی لەرەوشتی جوانی پیٚغەمبەر ﷺ بکە . هـەروەکو **(أبـي هريـرة)** ( رەزای خوای لیٚ بیٚت ) دەفـەرمویٚت: ( **مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّه صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَابَ طَعَامًا قَطُّ كَانَ إِذَا اشْتَهَاهُ أَكَلَهُ وَإِنْ لَـمْ يَـشْتَهِهِ سَكَت** )[1].

واتە: قەت نـەمبینیوە پیٚغەمبـەری خـوا ﷺ عـەیبی لـە خـواردن گرتبیٚ , ئەگەر ئارەزووی خواردنی هەبـووبیٚ خواردوویەتی ئەگـەر ئارەزووی خـواردنی نـەبووبیٚ ( واتـە :حـەزی لـیٚ نـەکردبیٚ ) بـیٚ دەنگ بووە !.

6. خۆت بەدوور بگرە لە قسەی دزیٚو نابەجیٚ , هیچ ووتەیەکی ناشـیرن و بیٚـزراو مـەلیٚ زۆر گالتـەو گـەپ مەکـە , هـەروەها ڕاستگۆبەو ئاگاداربە لە درۆکردن ئەگەر بۆ بزەی لیٚـوی خـەلکیش بیٚ .!

---

(1) صحيح: رواه مسلم (2064).

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ( **وَيْــلٌ لِلَّــذِي يُحَــدِّثُ بِالْحَدِيثِ لِيُضْحِكَ بِهِ الْقَوْمَ فَيَكْذِبُ وَيْلٌ لَهُ وَيْلٌ لَه**)[1] .

واتە: وەیل بۆ ئەو کەسەی کە قسەو ئاخاوتنێك بە درۆ ئەکات بـۆ ئەوەی بزە بخاتە سەر لێـوی خـەڵکانێك ! وەل بـۆ ئـەو ! وەیـل بـۆ ئەو!

7. کارێــك مەکــە بەرامبــەر براکانــت کــە جێگــای بێــزاری و نیگــەرانی بــێ بۆیــان , وە بەزەیــشت بەخــەڵکی و هــەروەها بەئاژەڵیش بێتەوە . پێغەمبەری خـوا ﷺ دەفـەرمووێت: ( **مــن لایَرحم لایُرحم**)[2] .

واتە : ئەوەی ڕەحم نەکات , ڕەحمـی پـێ ناکرێـت ( واتـە : خـوای گەورە ئەو مرۆڤە لە لوتف و رەحمەتی خۆی بەدوور دەگرێت ).

8. وریابـە لـە ڕژدی و ڕەزیلـی چـونکە خـوای گـەورە کەسـانی رەزیلی خۆش ناوێت , هەروەها بزانە هەرگیز باوەر لەگەڵ ڕەزیلـی

---

(1) صحيح: اخرجه أبو داود (4990), وأحمد(20035) من طريق بهز بن حكــيم عن أبيه عن جده, وحسنه الالباني في (صحيح الترغيب والترهيب) (2944).
(2) صحيح: رواه البخاري (5651), ومسلم (2318).

کۆنابێتەوە لەدڵی ئادەمیزاد , هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: ( **لا يجتمع الشح والإيمان في قلب عبد أبدا**)[1]

هەروەها پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ خۆی بەخوا پاراستووە لە ڕەزیلی هەروەك لە دوعاكانی داهاتووە: ( **اللهم اني أعوذ بك من الجُبن والبُخل** )[2] .

( **الجُبن** ): ترسنۆكی و نەبوونی بوێری ( **الجراءة** ) لەبەردەم راپەراندنی تاعەت و پەرستنەكان .

( **البُخل** ): رەزیلی و نەبوونی سوود بۆخەڵكی چ بەماڵ یان زانست وشتی تر..... {سەیری ((**مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح**)) بكە (**ص\19**)**علي القارىء**} بەڵام ئاگاداربە نەكەی ماڵەكەت بە زایە بدەیت و دەست بڵاوی بكەیت لە خواردن وخواردنەوە و جل و بەرگ و ئەو نیعمەتانەی كە خوا پێی داوی

---

(1) صحيح: اخرجه النسائي(3110) عن أبي هريرة رضي الله عنه, وصححه امامنا الالباني رحمه الله في (صحيح الجامع)(7616).

(2) صحيح: أخرجه البخاري (6008), ومسلم (2722), والترمذي(3485), والنسائي (5451).

...لەفەرموودەی **(المغيرة بن شعبة)** ( ڕەزای خوای لێ بێت ) هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ قەدەغەی کردووە لەماڵ بە زایەدان . هەروەك دەفەرمووێت: (...**وقد نهي النبي ( صلي الله عليه وسلم ) عن إضاعة المال**)[1] .

9. خۆت بپارێزە لە توورە بوون و ئەو کارە خراپانەی کە بەم هۆیەوە لێی دەکەوێتەوە. کاتێ توورە بویت خۆت بە خوای گەورە پەنابدە لە شەیتانی نەفرەتی , ئەگەر ئەو کاتە بەڕاوەستانی بوویت دابنیشە یان پاڵبدەوە یان ڕوومەتت بخە سەر زەوی .! ( بۆ ئەوەی لە زەوی نزیك بیتەوە , چونکە لەو زەویە دروست کراوە ... کە بنە ڕەت و ( دایکی ) ئەومرۆڤەیە کاتێ ئەو دایکەی بەیاد دێتەوە مل کەچ و زەلیل دەبێ .. چونکە تورەیی لە (**کبر** ) و خۆزلی یەوە سەرهەڵئەدات )[2] بەڵگەی ئەمانەش لەم فەرموودەیەی خوارەوە دایە :

---

(1) صحيح: رواه البخاري (2277), ومسلم (593), والدارمي(2751), واحمد (8316).

(2) سەیری (مختصرمنهاج القاصدين) بکە (ص/235) للامام ابن قدامة المقدسي,

ـ عَنْ أَبي ذَرٍّ : أَنَّ رَسُولَ الله صَلَّى الله عَلَيه وسَلَّم قَـالَ: ( إِذَا غَضبَ أَحَدُكُمْ وَهُوَ قَائِمٌ فَلْيَجْلِسْ ، فَإِنْ ذَهَبَ الْغَضَبُ عَنْـهُ وَإِلاَّ فَلْيَضْطَجعْ )(1).

10. قورئـان بخوێنـەوە بـەوردی و لـە واتاکـانی وورد بـەرەوە , چاکتریش وایە لە کەسانی غەیری خۆت گوێبیست بیت . هەروەك هـاوەڵی بـەرێز ( **عبدلله بن مسعود** ) ( ڕەزای خـوای لێ بێـت ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێـی ووتم : (**اقرأ علي القرأن**) قورئانم بەسەردا بخوێنەوە دەڵێت منیش ووتم ئەی پێغەمبەری خوا چۆن قورئان بەسەرتا بخوێنم و کەبەسەر خۆتـا دابـەزیوە ؟ ئـەویش فـەرمووی (**إني احب (وفي رواية أشتهي) ان اسمعه من غـيري**) واتە : من حەز ئەکەم لە غەیری خۆم گوێبیستبم, ئینجا ئـەڵێت: دەسـتم کـرد بەخوێندنـەوەی سـورەتی ( **النساء** ) تاگەیـشتم بـەم

بتحقيق/علي حسن علي بن عبدالحميد الاثري الحلبي .

(1) صحيح: رواه أحمد (21386), وابو داود ( 4782 ), وصححه امامنا الالباني رحمه الله في (صحيح الجامع)(694).

ئایەتـە ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا ﴾ , ئینجا فـەرمووی: ( **حـــسبك الآن)** ئەوەنـدە بەســە , پاشـان ڕووم تێکـردو سـەیرم کـرد چـاوەکانی فرمێسکیان لێ ئەتکایەوە [1].

__11.__ گرینگـی بـدە بـەپاك و خـاوێنی و خـۆت بـۆن خـۆش بکـە بەتایبەتی لەکاتی نوێژ و لە ڕۆژانی هەینی **((الجمعـة))** هـەروەك پێغەمبــەری خــوا ﷺ بــەزۆری بــۆنی بــەکارهێناوەو خۆشــترین بۆنێکیش بەلایەوە بۆنی میسك بووە , کە دەفەرمووێ : ( **أَطْيَبُ الطِّيبِ الْمِسْكُ** )[2].

هەروەها سیواك بەکاربێنە چونکە سونتەتێکی پیرۆزی پێشەوایە و مایەی ڕەزامەند بوونی پەروەردگاری مەزنیشە .

---

(1) صحيح: اخرجه البخاري (4667) ومسلم (1332).

(2) صحيح: رواه أحمد (11329), والترمذي (991), والنــسائي (1905), وصـــححه امامنا الالباني رحمه الله في (صحيح الجامع)(1032).

خۆشەویستمان ﷺ دەفەرمووێت: (**السِّوَاكُ مَطْهَرَةٌ لِلْفَمِ ، مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ**)(1).

واتە: سیواك پاككەرەوەیە بۆ دەم و مایەی ڕەزامەندی پەروەر دگاریشە . هەروەها دەفەرمووێت: (**أمرت بالسواك حتى خشيت ان ادرد**)(2) واتە: فەرمانی سیواك كردنم پێكرا تاوەكو ترسام ددانەكانم بكەون.

**بزانە: سیواك كردن لەم كاتانەدا سوننەتە:**

أـ لەكاتی دەست نوێژگرتندا: بەپێی ئەم فەرموودەیە: ( **لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ وُضُوءٍ**)(3), **وفي رواية ((مع الوضوء))**.

(1) صحيح: رواه احمد (62), وابن خزيمة (135), والدارمي (684), وصححه الالباني رحمه الله في (صحيح الجامع)(3695).

(2) صحيح: (صحيح الجامع) ( 1371 ) للالباني رحمه الله.

(3) صحيح: رواه احمد (9930), وابن خزيمة في(صحيحه)( 140) عن ابي هريرة رضي الله عنه, وهو مخرج في(صحيح جامع) (5317).

واتە: ئەگەر ئەزیەت و ناخۆشی نەبووایە بۆسەر ئوممەتەکەم ئەوا فەرمانم پێ ئەکردن تا سیواك بکەن لەگەڵ هەموو دەست نوێژگرتنێکدا .

ب ـ لە کاتی نوێژ بە پێی ئەم فەرمودەیە: ( **لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي ، لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلاَةٍ**)[1].

ج ـ لەکاتی خوێندنەوەی قورئان : هەروەکو هاوەڵی بەڕێز ( **علي بن أبي طالب** ) ( ڕەزای خوای لێ بێت ) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی سیواك کردنی پێداین و فەرموی : (**إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا قَامَ يُصَلِّي أَتَاهُ الْمَلَكُ فَقَامَ خَلْفَهُ، فَيَسْمَعُ الْقُرْآنَ وَيَدْنُو فَلَا يَزَالُ يَسْتَمِعُ وَيَدْنُو حَتَّى يَضَعَ فَاهُ عَلَى فِيهِ فَلَا يَقْرَأُ آيَةً إِلَّا كَانَتْ فِي جَوْفِ الْمَلَكِ**)[2].

---

(1) صحيح: رواه احمد (9544), وابوداود(47), وصححه الالباني في(صحيح جامع) (5315).

(2) صحيح: رواه البيهقي (161), وصححه الالباني في (السلسلة الصحيحه) (1213).

د - لە پێش خەوتن : {سەیری ((**سفر السعادة في السنن النبوية و الشمائل المحمدية**))**الفيروز أبادي** بكە (ص/331)**بتحقيق الشيخ عبدالعزيز السيروان**}.

هـ - كاتی لە خەو هەڵسان لە شەودا : بە پێی ئەم فەرمودەیە كە هاوەڵی بەڕێز ( **حذيفة بن اليمان** ) ( ڕەزای خوای لێ بێت ) دەفەرمووێت:

(**كان النبي ﷺ إِذَا قَامَ مِنْ اللَّيْلِ يَشُوصُ فَاهُ بِالسِّوَاكِ**)[1].

واتە: كاتێ پێغەمبەری خوا ( صلي الله عليه وسلم ) لەشەودا هەڵئەستایەوە دەمی ڕائەژەنیەوە بەسیواك وسیواكی ئەكرد ( واتە : ددانەكانی خاوێن ئەكردەوە بەسیواك , هەندێ دەڵێن / واتە لەسیواك كردنا لەخوارەوەی ددانەكانی بۆ سەرەوە بەكاری هێناوە, وە ( شوص ) لەبنەرتدا بەواتای ( الغسل ) شۆردن دێت [2].

و - لەكاتی گۆڕانی تامی دەم.

---

(1) صحيح: رواه البخاري (242), ومسلم (255) وغيرهما.

(2) (النهاية في غريب الحديث والأثر (509/2) لابن الاثير.

ز ـ لەکاتی گەرانەوە بۆ ماڵ: (( دایکی ئیمانداران خاتوو عائیشە ( ڕەزای خوای لێ بێت ) پرسیاری ئاراستە کرا (**بِأَيِّ شَيْءٍ كَانَ يَبْدَأُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا دَخَلَ بَيْتَهُ قَالَتْ بِالسِّوَاكِ**)(1).

واتە: ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێ ئەگەرایەوە بۆ ماڵ وە داخل بەژوورەوە ئەبوو بە چ شتێك دەستی پێ ئەکرد ؟ فەرمووی بەسیواك کردن )).

تێبینی: **((شیخ الإسلام ابن تیمیة))** ( رەحمەتی خوای لێ بێت ) دەفەرموێت: ( چاکتر وایە سیواك بەدەستی چەپ بێت , هەروەك ئیمامی ئەحمەد لە ریوایەتی **((ابن منصور الكوسج))** باسی کردووە , وە لە(( مسائل ))ەکەیدا هاتووە , وە نەمان زانیوە یەکێ لەپێشەوایان پێچەوانەی ئەو بووبن , چونکە سیواك کردن دەچێتە بابی **((إماطة الأذى))** لادانی ئاستەنگ .....)(2).

---

(1) صحيح: رواه مسلم (253), وابو داود (51), والنسائي (8), واحمد (24190).

(2) سەیری(مجموع الفتاوى ابن تيمية))(108/21) بکە .

ـــ مەبەســت پێـی لادانـی پیـسایی یەکانـە , چـونکە لادانیـان بەدەستی چەپ کـارێکی خـۆش ویـستراوە سـەیری (( سەرچـاوەی پێشوو )) بکە .

12. هەردەم بوێرو بەجەرگ بە و هەق بڵێ ئەگەر لەسەر خۆشـت بێت , ئامـۆژگاریەکانی خەڵکی پەسـند بکـە , نەکـەی پـشت لـە ئامۆژگاریەکانیان بکەیت .

13. دادوەری بنوێنـە لـەنێوان خێـزان و منداڵـەکانت جیـاوازی مەخە نێوانیان لە بەخشین و بژێوی دانیـان , هـەروەها دادوەر بـە لەگشت بوارەکانی ژیانت .

14. ئارام بگرە و خۆگربە لەسەر ئەو ناخۆشی و گرفتانەی کەبە ڕێگـای خەڵکیــەوە دووچــاری ئــەبیت و هــەردەم لێبووردەبــە بەرامبەریان تاوەکو خوای گەورەش بەفەزڵی خۆی ئەت بووری, وە ئـەوەی بـۆ خـۆت پێـت خۆشـە بـۆ خەڵکیـشت پـێ خـۆش بێـت,

پێغەمبەری خواﷺ دەفەرمووێت: (**لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ**)[1].

واتە: هیچ کەسێك لەئێوە بروای تەواوی نابێت تا هەرچی بۆخۆی پێ خۆشە بۆ براکەیشی پێ خۆش نەبێ !

15. گرنگی بدە بەسەلام کردن لە براکانت بی ناسیت یان نەی ناسیت , هەروەها سەلام بکە کاتێ ئەچیت بۆ کۆروو مەجلیسێك, یان لەکاتی دەرچوون لەو کۆرەو لەکاتی پێك گەیشتن و لێك جیابوونەوە و لەکاتی تریش . هەروەها بزانە لەتەواویەتی سەلام کردن تۆقە کردنە .

---

(1) صحيح: رواه البخاري (13), ومسلم (45).

### بەڵگەی ئەمانەش لەم فەرموودانە دایە:

*** عن عبدالله بن عمر ﵁ قال:جاء رجل الى النبي ﷺ فقال: يارسول الله: أي الاسلام خير؟ قال: (تُطْعِـمُ الطَّعَـامَ ، وَتَقْرَأُ السَّلاَمَ عَلى مَنْ عَرَفْتَ ، وَمَنْ لَمْ تَعْرِف)(1).**

واتە: پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و پرسیاری لیّ کرد ئەی پێغەمبەری خوا, چ شتیّ لەئایینی ئیسلام زۆر چاکە بیکەم ؟ فەرمووی نان بدە هەژاران و سەلامیش بکە لە هەموو کەسیّ بی ناسیت یان نەی ناسیت .

---

(1) صحيح: رواه البخاري (12), ومسلم (39).

*** عن ابي هريرة ﷺ , عن النبي ﷺ:** **(إِذَا انْتَهَى أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَجْلِسِ فَلْيُسَلِّمْ فَإِنْ بَدَا لَهُ أَنْ يَجْلِسَ فَلْيَجْلِسْ ثُمَّ إِنْ قَامَ وَالْقَوْمُ جُلُوسٌ فَلْيُسَلِّمْ فَلَيْسَتْ الْأُولَى بِأَحَقَّ مِنْ الْآخِرَةِ)**[1] .

واتە: ئەگەر یەکێ لەئێوە چوو بۆ کۆرێك با سەلام بکات , هەروەها سەلامیش بکات کاتێ هەلْئەستێ جا ئەوەی یەکەمیان لەهی دووەمیان هەق تر نیە . واتە : چۆن سەلام کردن لەکاتی چوون بۆ کۆرو دانیشتنەکان پێویستە بەهەمان شێوە لەکاتی چوونە دەرەوەش پێویستە .

*** عن البراء بن عازب ﷺ: قال : (من تمام التحية أن تصافح أخاك)**[2] .

واتە: لە تەواویەتی سەلام کردن تەوقەکردنە لەگەلْ براکەت .

---

(1) صحيح: رواه احمد (9662), وصححه الالباني في(صحيح جامع) (400).

(2)(اثر صحيح): رواه البخاري في (الادب المفرد) (968), وهو صحيح الاسناد موقوفاً, انظر ((صحيح الادب المفرد)) (رقم /745/ص371)للعلامة الالباني.

( واتە: تەوقە بکە لەکاتی بە یەك گەیشتن بێ یان لەیەکتر جیا بوونەوە , هەروەها لە تۆقە کردندا یەك دەستی بگرێت, سەیری **((سلسلة الاحاديث الصحيحة))** بکە لەژێر فەرموودەی ژمارە (16) بەرگی ( یەکەم ) نوسینی فەرموودەناسی ناودار پێشەوا (محمد ناصر الدين الالبانى) ڕەحمەتی خوای لێبێت .

16. لەسەلام کردندا پابەندبە بەگۆتە **( لفظ )** ی **( السلام عليكم ورحمة الله وبركاتة )** کە لە سوننەتدا هاتووە, بەلاّم خۆت بپارێزە لەو دەستە واژانەی کەپێچەوانەن لەگەلّ سوننەتی پێشەوامان ﷺ وەك : **( صباح الخير** – بەیانی باش , **مساء الخير** _ شەو باش و ....... هتد **)** .

17. ئەگەر ویستت پیری خۆت بگۆڕیت , ئەوا بەڕەنگی ( زەرد , یان سوور ) بیگۆڕە, دوورکەوە لەبەکار هێنانی ڕەنگی ڕەش بەتەنها وەك پەیڕەوی کردنێك لە فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ کە

دەفەرموویت: (**إِنَّ أَحْسَنَ مَا غَيَّرْتُمْ بِـهِ الـشَّيْبَ ، الْحِنَّـاءُ ، وَالْكَتَمُ**)[1].

واتە: چاکترین شتێ کە بتانەوێ پیری خۆتانی پێ بگۆرن ( خەنە و کەتەم)ە( الکتم ): ڕووەکێکە ڕەنگی سووری تیایە تێکەڵی ناو وەسمە دەکرێت .

18. لە هەموو کردارەکانت پابەندبە بەسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ تاوەکو لەڕیزی پەیرەوکارانی سوننەت ئەژمێر درێیت هەروەك لەم فەرموودەیەدا هاتووە: (**ان من ورائکم أيام الصبر, للمتمسك فيهن يومئذ بما انتم عليه أجر خمسين منكم , قالوا يا نبي الله او منهم ؟ قال بل منكم**)[2] .

واتە: لە دوای ئێوە ڕۆژانی ئارامگرتن دێت بۆ ئەوانەی کەدەستیان گرتووە بە ( کیتاب و سوننەت ) لەو ڕۆژەدا هەریەك لەئەوان پاداشتی پەنجا لەئێوەی هەیە , ووتیان ئەی پێغەمبەری

---

(1)صحيح:رواه ابن ماجه(3622), والنسائي(5078) وصححه الالباني رحمه الله .

(2)صحيح بشواهده: اخرجه ابن نصر في(السنة) كما في(السلسلة الصحيحة) (494) للعلامة الالباني.

خوا پاداشتی پـەنجا لـە خۆیانیـان هەیـە ؟ لەوەلامـدا فـەرمووی : بەلکو پاداشتی پەنجا لەئێوەیان هەیە !!

19. پـەیرەوی بکـە لـە فـەرمان و قەدەغـەلێکراوەکانی خـوای گەورە و پێغەمبەر ﷺ لەگشت کارێ کەئەنجامی ئەدەیت, دونیـا مەکە بەخالی مەبەست .

20. گرنگی مەدە بە دونیاو سـوور مەبـە لەسـەر خۆشویـستن و شـوێن خۆشـیەکانی مەکـەوە , چـونکە دونیـا خـانووی کاتیـەو بەسەردەچێ ! هاوەلی بەرێز **( علي بن أبي طالب )**( ڕەزای خوای لێ بێت ) لەوتەیەکی بەناوبانگیدا دەفـەرموویت: **(الا إِنَّ الدُّنْيَا قَدْ تَرَحَّلَتْ مُدْبِرَةً ، وَإِنَّ الآخِرَةَ مُقْبِلَةٌ وَلِكُلٍّ وَاحِدَةٍ مِنْهُمَا بَنُونَ فَكُونُوا مِنْ أَبْنَاءِ الآخِرَةِ ، فَإِنَّ الْيَوْمَ عَمَلٌ ، وَلاَ حِسَابَ ، وَغَدًا حِسَابٌ ، وَلاَ عَمَلَ)**[1].

واتە: دوونیا زۆر خێرا بەسەرت دا تێپەر دەبێت و قیامەتیش زۆر بـەخێرا بـەرەو ڕووتـەوە دێ هەریەکـەیان لـە دوونیـاو لەقیامـەت

(1) (حلية الاولياء) (1/ص76), و(منتخب كنز العمال) للمتقي الهندي (6/ص417).

کوری خۆیان هەیە , ببن بە کوری قیامەت مەبن بەکووری دونیـا, چونکە ئـەمڕۆ لـەدونیا تـەنها کـار ئەکـەیت و لێپرسـینەوە نیـە, بەیانیش واتە لەقیامەتدا لێپرسینەوە هەیەو کردەوە نیە .

هەروەکو لەفەرموودەیەکدا پێغەمبەری خوا ﷺ حەقیقەت و نـرخ و بەهای ئەم دونیایە پیشان ئەدات , کەهاوەڵی بەڕێز ( جـابر بـن عبـدللە ) ( ڕەزای خـوای لـێ بێـت ) بۆمـان دەگێڕێتـەوەو دەفـەرمووێت: **(أن رسول الله ﷺ مر بجدي أسك ميت قال : ((ايكم يحب أن هذا له بدرهم ؟ )) فقالوا ما نحب انه لنا بشيء ! قـال ((فـو الله للـدنيا اهـون علـى الله مـن هـذا علـيكم)** {رواه مـسلم (2957/4/ص2272)انظر ((المشكاة)) (5157/3)}.

واتە: پێغەمبەری خـوا ﷺ بـەلای بێـچووە بزنێکـی مـردارە بـووی گوێ قرتاو تێپەری و فەرمووی : کێ لەئێوە حەز ئـەکات ئەمـەی پێ بدرێت بەدرهەمێك ؟ ووتیـان ئێمـە بەرامبـەر بـەهیچ شـتێك نامانەوێ , واتە بەبەلاشیش نامانەوێت. ئینجا پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمووی: سـوێند بـەخوا دونیـاو گـشت خۆشـی و چـێژەکانی

کەمترێکە لەمە لەلای خوا بۆ ئێوە ! {سەیری ((مرقاة المفاتیح شرح مشكاة المصابيح)) بکە (5/ص16) علي بن سلطان محمد القاريء}.

سبحانك اللهم وبحمدك

أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك.

لەبلاوکراوەکانی ماڵپەڕی ئیمان وەن
www.iman1.com
هەمیشە لەگەڵمان بن بۆنوێ بوونەوەی ئیمان
imanonekurd@yahoo.com